# ژنێك لە چڵە نێرگز



تم التحميل من منتديات ستار سات العربية
للمزيد زوروا موقعنا www.star7arab.com

شیعر

فەرمان ساڵح

# ژنێك لە چڵە نێرگز

بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەری هەولێر

ب. چالاکی ویژەیی/ هەولێر

● ناوی کتێب: ژنێک لە چڵە نێرگز
● بابەت: شیعر
● نووسینی: فەرمان سالْح
● هەڵەچن: م. باوەکر
● دیزاین: دەراو خەلیل
● چاپ: یەکەم/ ٢٠١٩
● تیراژ: ٥٠٠ دانە
● چاپخانە:

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٩٢٤) ساڵی (٢٠١٨)ی پێ دراوە

ئەو کتێبە بە دیاری دەبەخشرێ

# پێڕست


| | |
|---|---|
| نازانم چۆن نەمردووم | ١٣ |
| بەردەبمەوە ئامێزی ژنێتی تۆ | ١٦ |
| تامی شیعرێکی پایزی دەدەی | ١٩ |
| حیکایەتی ژیان | ٢٢ |
| دڵتەنگ مەبە | ٢٦ |
| ژیان لەگەڵ خۆت بێنە | ٣٣ |
| ماریا | ٤١ |
| گەورەبوون | ٤٥ |
| ژنێك لە چڵە نێرگز | ٤٨ |
| ناونیشانەکەتم بە نامەیەک بۆبنێرە | ٥٥ |
| بە نیشتمان دەڵێم لێتخۆشبێت | ٥٩ |
| ناتوانم گوڵدانێک پڕبکەم لە تریفە | ٦٦ |
| تەنیایی | ٧٠ |

| | |
|---|---|
| بەدیار دڵتەنگیمەوە دەمرم | ٧٤ |
| لە تۆدەچێ پەردەی یەکەمی شانۆی ژیان | ٧٧ |
| پیاوێک سپی لە رەنگی بەفر | ٧٩ |
| پایز جەللادێکی رۆح سووکە | ٨٣ |
| دەفتەری بیرەوەرییەکانی هابیل | ٨٦ |
| ساتەکانی مردن | ٩١ |
| بیری تۆدەکەم | ٩٥ |
| سبەینێیەک من لێرە نیم | ٩٧ |
| ژنێک مودمن بە شیعر | ١٠٠ |
| سەفەربەسەرسنگی تارمایی | ١٠٤ |
| ئێوارەیەک تورەیی دەڕوات | ١٠٧ |
| لە باخچەدا بیرلەتۆدەکەمەوە | ١١٣ |

بیستم لە یەکێ لە دەزگا هەرە باشەکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردستان، بەڕێوەبـەری دەزگاکـە لە پشـت سـەری خـۆی تابلۆیەکی بەو شـێوەیەی هەڵواسـیبوو: (بە هیچ شـێوەیەک شـیعر چاپ ناکەین.. بۆ منیش؟ بەلێ بـۆ تـۆش، خۆ قابیلە تـۆ حاجی قادری کۆیی نیت؟).. بـەڵام ئێمە لە ب. چالاکیـی وێژەیـی هەولێر بڕیارماندا بـە یەکجار دە کۆمەڵە شـیعر چاپ و بڵاوبکەینەوە بۆ ئەوەی ئەو حاڵەتە، کەوا خەریکە لە لایەن دەزگاکانی چاپ دەبێتە ترادتسیۆن، تێکبشکێنین و بە بیر ئەو دەزگایانە بێنینەوە کە ئەگەر رۆشنبیریی کوردیی درەختێکبێ ئەوە رەگەکەی شیعر و شاعیرانن.

زانا خەلیل

ب. چالاکیی وێژەیی هەولێر

# ژوورێک ئیغرا
# بە تەنوورەی ڕەنگاوڕەنگی تۆ

ژوورێکتان هەیە بۆ کرێ؟
تەنیا من و کوپێك قاوە دێین
من و زیبای هەنارو
نێرگزی شیعر دێین
تەنیا بۆ یەکشەو
ژوورێکی گەورەش نەبێت ئاساییە
من و خەون دێیین
من و ڕەقبوونەوەی بەفر دێیین

زۆرمان پێناچێت
هێندەی تەواوبوونی تووتنی پایپێك
هێندەی چنینی هەناسە لە لێوی هیوا
هەر هێندەمان پێدەچێت
ژوورێك با ئاوێنەی تێدانەبێت
ئاخر تۆ هەبیت ئاوێنە بۆ چییە؟
ژوورێك با پڕبێت لە نۆتە
لە وردیلە حەز
لە مارشی ئەڤینی..

ژوورێکتان هەیە بۆ کرێ؟
با گەورەنەبێت
جێی دووکەسی هەبێت بە پێوە بووەستن
قاپێك ماچ و
سێتێك شیعری تێدابێت
ژوورێك پەنجەرەکانی مەمك و
کەلوپەلەکانی ماچ
ژوورێك ئیغرا بە تەنوورەی
ڕەنگاوڕەنگی تۆ
مەست بە بۆنی وشە..
ئێوارەیەکی هیلاك دێم
لەگەڵ خۆمدا
هەندێك پیت و
کەمێك نۆتەش دێنم
لەگەڵ خۆمدا
بەرسیلەی گومان و
هەناری ژیان دێنم

ئێوارەیەك هێشتا ژیان ئاوانەبووە
من و تەمبەڵی دێین
لەحەوشەی پشتەوەی ماڵەکەتان باخچە ماچ دەکەین
شیعر بۆ کۆترەکانی دایکت دەخوێنینەوە
دەچینە ئامێزی رەیحان و
لەسەر پشتی تەنیایی دەخەوین.

## نازانم چۆن نەمردووم

تۆ متووی قوفڵدانی ستیان و
رووتکردنەوەی هەناسەو
رنینی تەنیایی لە باخچەی ماڵەکەی مندا
خەریکی ئیعدامکردنی دووکەڵ و
وشککردنەوەی ماچی لە باڵکۆنی ئاپارتمانێکی شار
تۆ بە دەست لێدانی ئینجانەی دڵی من و
بالقبوونی شیعرێکی تازەم پەست دەبی
منیش بە چنینی پێکەنین و
سڕینەوەی شووشەی پەنجەرەی حەزت مەست دەبم

گەرووی فنجانی خەیاڵی من وشك بووە
هێندەی چاوەڕێی قاوەی ژێر سێبەری مەمکت بکات
نازانم چۆن نەمردووم

ئەو هەموو سنۆبەرە غەریبەم ناسی
ئەو هەموو نیگایەم هەراج کرد
بەچاوی خۆم گەڵام بینی لەدار دەدرا
پەپوولەم بینی زیندەبەچاڵ دەکرا
گوڵم بینی کەلەپچەکرابوو..
پەنجەرەم بینی دەیویست هەتاو بتۆرێنێ
تارم بینی پرچی نۆتەی شانە دەکرد
رووبارم بینی خەریکبوو کانی دەخنکاند
دڵنیام ئەم وەرزەش نامرم
رەنگە هی ئەوە بێت تۆ نەهاتووی
یان ناتەوێت بێی
رەنگە هی ئەوە بێت بەدەگمەن بیرم بکەی
یان هەر بیرم ناکەی..

## بەردەبمەوە ئامێزی ژنێتی تۆ

تۆ کە هەر دەچیتەوە نیشتمان
زەمیلەیەك شیعرو
جانتایەك خەیاڵ لەگەڵ خۆت بەرەوە
پێکێك ژیان لە بەژنی تەنیاییمدا بخۆرەوە
لەو هەموو رەنگی خەون و
رەنگی ژان و
رەنگی بێ تۆییەدا
رەنگێك نەماوە هەناسەمی پێ رەنگ بکەم
لەو زەوینی شکانەوەی نەستەدا

من دەنك دەنك
بەردەبمەوە ئامێزی ژنێتی تۆ
لەو قەفەسی سڕکردنی سێوەدا
مشتێك بزەو
کوپێك گریان
پڕمدەکەن لە وەسوەسەی مانەوە
مانەوە لەنێو ئابلووقەی ژەنگهەڵێنانی ماچ
مانەوە لەنێو مەراق و

مانەوە لە کۆڵانی چاوەڕوانی ئەستێرە
حەقیقەتێکی هەیە خەیاڵ
مەدلوولێکی هەیە ژان
حەقیقەتی نووسینەوەی تۆ
مەدلوولی پەڕینەوە بەسەر پردی ژیان
پردێك سواخدراو بە گیرۆدەیی
نەخشێنراو بە ئیحساس
ئیحساسی کرۆشتنی ئێوارەو
هەڵمژینی شەو
شەوی ئەبەدی عەشق و
عەشقی پەلکەزێڕینەی فەنابوون
تۆ لەگەڵ حیکایەتە سپییەکانی پیاوێك گەورەدەبی و
منیش لەگەڵ کتێبی پیرۆزی ژن
تۆ لە کۆشکی لمینی دەریادا بخەوەو
منیش لەسەرپشتی شەپۆلێکی هیلاك
هیلاك وەك ماچکردنی با لەخەونمدا
وەك پیاسەی ئەرخەوانی پایز و
وەك مەکری پەنجەرە بۆ باران

## تامی شیعرێکی پاییزی دەدەی

تۆ وەك هەناری کەنار باخچەکە
هەردوو مەمکت رەق و
لێوەکانیشت سوور سوور
تامی شیعرێکی پاییزی دەدەی
لەچاوەڕوانی یەکەم بارانی ساڵ
پرچی تەنیایی شانەدەکەی و

فرچکت به ژەنینی ژیانەوه گرتووه
تۆ له هەناسەی ئەو فنجانانه دەچی
قەرەجەکان بەختی منیان تێدا خوێندەوه
بەختی پیاوێك
سواقدراو به ژان و
رەنگکراو به خەون ...

تۆ لە سێبەری بێ ناونیشانی هەتاودا
بەرداخێکی پڕ لە قسەو
کوپێکی بەتاڵ لە ویژدانت بەدەستەوەیە
خەریکی رنینی هۆگری پیاوێکیت
لەحەوشەی ماڵی درۆ
خەریکی کۆکردنەوەی خەیاڵی
لە کۆڵانی ژمارە ٢٠١٧
نیشتمانی هەردوو مەمکت
چاوەڕوانی داگیرکەرێکە
تۆش هێشتا سروودێکی نەگوتراوی
بە گوشینی مەمکی راستت دەبیسترێی
بە ماچی هەردوو لێوت دەنووسرێی

# حیکایەتی ژیان

لەنێو ئەو ئاپۆرای دۆشینی شعورەوە
خەریکی شووشتنەوەی خەیاڵم
مەستم بە کروزانەوەی حەرفەکانی ناوت
یەك بەیەکی شیعرەکانم ئیعراب دەکەم
چ دۆزەخێکی بکەر نادیارە ژیان
پڕم لە جێناوی عەشق
لە ئامرازی دروستکردنی خەون..
لەو مەملەکەتی فڕینەدا
باخچەیەك ژن و

گەڕەکێك هەتاو
تەماشای غەریبی من دەکەن
لەپەنجەرەوە هەناسە دەدەن
تۆ هێشتا تەمێکی بریسکەداری
دەست لە ملی یەکەم باران
تەڕمدەکەیت بە پرژەی ماچ..
خەونی ئەو پێکانەی کەفی سەریان نەنیشتووەتەوە

گوشینی مەمکی بەرداخ و
خەونی منیش نەمانی ئابلووقەی حەقیقەتە
حەقیقەتی کرۆشتنی لێو
حەقیقەتی چنینەوەی باخی سێوا
تۆ بە قژێکی لوولەوە
وەك خۆر لەوسەری کۆڵەنەکەوە دەردەکەوی
لەگەڵ هاتنی تۆدا
نەستی من پڕدەبێت لە تێڕامان
گوڵەکان بالق دەبن
هەنارەکانیش ئاوس دەبن بە حیکایەتی ژیان
شانی چەپی شیعرێکم
لە پیربوونی خەون دەچێ بەدیارکتێبی رەشی شەو
نزا بۆتاریکی دەکات
لە گمەی کۆتر دەچێ سبەینێیەکی زوو
باڵی راستی شکا بێت
لە درزی پەنجەرەی کانی دەچێ
لە چاوەڕوانی هاتنی گەریدەیەك

نەرم نەرم پرچی ئاو شانە دەكات
لە هیمۆگلۆبینی خوێن دەچێ
بیری پچڕانی دەماری لێوی بەرداخێك دەكات
لە موعتادێكی مەستدەچێ
بۆپێكی نیگای قاچاخی مەمكی ژنێك سەرگەردان بووە
لە هەناردەچێ
لە دوكانی قەرەجێكدا
سێوێك ماچ بكات
لە ژاوەژاوی هۆڵێكی شانۆ دەچێ
ئەكتەرەكانی رووتن و
دەقێكی سەرخۆش نمایش دەكەن
لە چنینی گوڵدەچێ
لەسەر رێگەی ماڵی یار
لە ژەنینی ژیان دەچێ
بەژێی كەمانی خەیاڵ
لە تۆدەچێ
كاتێك لە ئامێزی ئێوارەیەكدا دەوروژێی
هەردوو مەمكت دەبن بەپیت
بۆنووسینەوەی قەسیدەیەكی سپی
بەدوای پەنجەی گەرمی پیاوێكدا دەگەڕێن

# دڵتەنگ مەبە

لە زاکیرەی شیعری مندا وەنەوز بدە
من پەستدەبم ئەگەر تۆ پێنەکەنی
نیگات پڕبکە لە سپیبوونەوەی خەون
ئامێزت پڕبکە لە دارچناری باڵابەرز
لەجیاتی ستیان سکێچی دوو مەمك و
لەجیاتی فرمێسکیش پۆرترێتی باران
من زەخرەفەی فڕینەکانی تۆ
لەسەر مەرکانەی یادمدا دەکێشم
پڕم لە بەجێمان

بەجێمان لەکۆڵانەکانی غەریبی
لە خەیاڵەکانی پێش ناسینی تۆ..
ئێستا بە تولەڕێی تەنیاییدا هەڵدەزنێم
قاچێکم لە نیشتمانی هەنارو
قاچەکەی دیکەشم لە نێو گومان
بیری فڕین دەکەم

فڕین بۆ مەملەکەتی نامۆیی
بۆ کەنار  باخچەکانی مەراق
دڵتەنگ مەبە
لەپەنجەرەی رامانی منەوە
بەدوای بزەو
لە نێو پێکی قەسیدەیەکیشمدا
بۆ ژیان بگەڕێ

## ژەنینی ماچ

من و تۆ لەتەمی ژێر هەوری خەیاڵ دەچین
هەموو وەرزەکان دەرناکەوین
کە دەرکەوتین ژیان تەڕ تەڕ دەکەین
خوناوی گوڵ و
فرمێسکی گەڵاکانیش لەگەڵ ئێمە دێن
من و تۆ خاڵی سەر وشەی ئەڤین و
پرسیاری کەنار رستەیەکی غەریبین
بەو هەموو برینەوە
تاقەتی ژەنینی ماچ و

چنینی دڵتەنگیمان هەیە
بەدیار ئێمەوە ژیان وەنەوز دەیباتەوە
عەشق پڕدەبێت لەوەسوەسە
خەون سەرخۆش، سەرخۆش رادەکشێت.
من لەرۆحمدا پارچەیەك تەنیایی و
لە بوونمدا لەتێك چاوەڕوانی هەیە
من لەو دیوی ئازارەوە دێم و

شووشەیەکی سەر ئاوەڵای پڕ لە لێو و
پایپێکی پڕ لە دووکەڵی ژیانم پێیە
منداڵیم لە ئامێزی ژنێك و
گەورەیشم بۆلای مەنفاکانی بوون دەڕوات
تۆش بەدەم ژەنینی خۆتەوە پڕم دەکەیت لە خەیاڵ
نەکەس لە تۆ دەچێ و
نە تۆش دەتوانی لەکەس بچی

تۆ بەستەیەك رەنگ و
چەپکێك شیعرو
ئامێزێك نەستی نەبینراوی
تۆ بەرداخێك پیاسەو
زەمیلەیەك هەناری گەڕۆکیت
لە پەنجەرەی تەنیاییتەوە
تەماشای ژیان دەکەیت

# ژیان لەگەڵ خۆت بێنە

ئەم ئێوارەیە کەمێك زووتر وەرە
من وێستگەی چاوەڕوانی جێناهێڵم
ئەگەر هاتی با رەنگی قژت
وەك رەنگی ئەو قاوەیە بێت
کە هێشتا بەحەسرەتین پێکەوە بیخۆینەوە
ئەگەر هاتی با ملوانکەکەت لە رەنگی لێوت و

ستیانەکەشت لە ڕەنگی مەمکت بێت
ئەم ئێوارەیە کەمێك زووتر وەرە
مێزێك و دوو بەرداخ چاوەڕێتن
من لەوێ دەدۆزیتەوە
ئەگەر هاتی پڕژەی ماچ و
سەبەتەی نیگا لەگەڵ خۆت بێنە
سێ چوار دێڕە شیعر و
زەرفێك پیت و وشە چاوەڕێتن

من دەزانم تۆ هەردێیت
رەنگە کاتژمێرێك دوای مردن
یان نیو کاتژمێر پێش مردنم بگەیت
ئەگەر هاتی ژیان لەگەڵ خۆت بێنە
جانتاکەت پڕبکە لە هەناسە

ئەگەر هاتی کەمێك زووتر وەرە
لێرە سێبەری باخچەکان چاوەڕێتن
دڵی خەیاڵم هێشتا لێدەدات
خەونەکانم مەستن بۆ دیدارت
تۆ هەردێی رەنگە کەمێك دوابکەویت
ئەگەر هاتی
فنجانێك دیقەت و
کوپێك تەماشا لەگەڵ خۆت بێنە
رەنگە هێندە تامەزرۆم بیت
ئەو نیگایە بەشت نەکات

بە پەیژەی تەمتومانی ژیان سەرکەوە
ئێرە هێشتا بۆنی شیعرو تامی خەیاڵی ماوە
تەماشای ئازاربکە ..
با لێوت کانی بزەی لێدرەبێ
لەکەنار ریژنە بارانی مەراق راکشێ
دەستی ئەو گەڵایانە بگرە کە ناتوانن بەپێوە بووەستن
لێوی ئەو سێوانە بگەزە کە رەقترن لەمەمك

وامەکە تەنیایی بتخنکێنێ و
بتدات بە دەمی رووبارەوە
لەسەر سنگی گەرمی هیوا پێ هەڵبنێ
لەنێو شیعری نەنووسراودا
ئاوڕ لە رابردوو مەدەوە
لەناو یادەوەریدا گەوزمەدە
بە پیاسەیەکی ژنانەوە وەرە
ئەم دۆزەخە وەرزی لەدایکبوونی تۆ نییە

ئەو هەموو ئەستێرەیە بەڕەنگی تۆوە هەناسە دەدەن
لەناو زامەکانی عەشق و کتێبەکانی عەشق
لەناو خەیاڵی عەشق و ژیانی بێ عەشق
بەناو کۆڵانە تەنگەبەرەکانی خەوندا بگەڕێ
ئەم ئێوارەیە باوەشێنەکەت بەدەستەوە بگرەو
وێنەی پرچی تەڕی کچێك بکێشە

دوێنێ جێبهێڵەو
خۆڵەمێشی غەریبیت بکە دەمی دەریاوە
ئەو یادەوەرییانە باوەشێن بکە
کە تەڕترن لەماچی یەکەم عەشق
لەناو گومانی مەملەکەتی چاوەڕوانیدا مەمێنەوە
هەموو ئێوارەیەك قاپێك ماچ و
پێکێك تەماشا بخۆرەوە، تا مەستدەبی

# ماریا

ماریا .. لە نیشانەی پرسیاری کۆتا دێڕی شیعرێکم دەچێ
چەندین  ساڵە بە پێوەیە و چاوەڕێی دێڕی دواتر دەکات
 غەریب. غەریب بەدیار ئاوێنەوە
کەفی سەرپێکی ژیان دەخواتەوە..
ماریا.. ژنێك لە توخمی ئاو
تابلۆیەك لە رەنگی هەتاو
ئەمە چ مۆتیڤێکی ئاڵۆزە؟
لە نیگای ئەودا
خواو

شیعرو
ژیان دەبینم
ئەمە چ ئێوارەیەکی بە ویقارە؟
لە باڵای ئەودا
خەیاڵ و
مەمك و
بەژنی زراڤی چنار دەبینم

ئەمە چ شەقامێکی قەرەباڵخە؟
لە پێکەنینی ئەودا
ژان دەبینم سواری پشتی ستیانێك بووە
بەدوای پەنجەی لەرزۆکی مندا دەڕوات
ماچ دەبینم تەنیا و تەنیا پیاسە دەکات

پرچی لوول و
ڕەنگی گەش و
چاوی ڕەش دەبینم سواری ئەسپی خەیاڵی من بوونە
دەیانەوێت لە نهۆمی پێنجەمی ئاپارتمانێکەوە
خۆیان فڕێدەن..
من ئێستا بە تییەی چاوم سەیری ئەو دەکەم
خوناوی سەر شووشەی پەنجەرەی ماڵەکەی
ڕەنگ دەکەم

# گەورەبوون

لە ژێی تاری شیعرێکی نەنووسراودا
منداڵی تۆ خەریکە گاگۆڵە دەکات
خەریکە گەورەدەبێت
هێشتا مەمکی ژان و
پەنجەی گەورەی تەنیاییت دەلێسیتەوە
نیشتمان دەستی منداڵیت بەرنادات
سبەینێ گەورە دەبێت

براکانت لەجیاتی بووکەڵە
پاکەتێك فیشەك و
لە جیاتی نوقڵ
جانتایەك نارنجۆکت بۆ دێنن

گەورە مەبە..
کۆڵانەکانی منداڵی بێدەنگترن
خەون و پێخەفەکانی منداڵی گەرمترن
چیت داوە لە گەورەبوون
کە گەورەبووی دەبێ خەونەکانت قاش قاش بکەیت
خەیاڵەکان لەبازاڕی ساردی ژیان بفرۆشیتەوە
سبەینێیەك لەخەو هەڵدەستی
هەوا، نان و ئاو دەستناکەون

# ژنێك لە چڵە نێرگز

ژنێك لە پەنجەرەی ژوورەکەمەوە دیارە
لە ئامێزی دارچنارێك مەست بووە
هەندێ جار لە ئاسمان دەچێ
هەندێ جاریش لە ئاو
ژنێتی ئەو لە تەڕێتی بارا دەچێ
کە ئەڕژێتەوە ناو کانی
لە هەتاو دەچێ

باخچەکەم گەرم گەرم دەکات
لە بەفر دەچێ
کلّۆ کلّۆ دائەبارێتە ناو خەیاڵمەوە
لە گوڵ دەچێ
هەناسەم پڕ ئەکات لە بۆن

ژنێتی ئەو پیاسەیە
بۆ کۆڵانەکانی لە ززەت
دانیشتنە بەدیار ئەستێرەوە
ژنێتی ئەو مەست بوونە بە ژیان
فڕینە بەسەر پشتی تەنیایی
سی ساڵە بە خەیاڵ کەزییەکانی شانە دەکەم
لە سێبەری بەژنی ئەودا
کەپرێکم کردووە
تا فێنك بمەوە
ژنێك وەك هەور دێت و دەڕوا
ژنێك بەتاڵ لە درۆ
پڕ لە حەقیقەت

لە پەنجەرەی ژوورەکەوە تەماشا دەکەم
ژنێك ئاوێتەی بەفر بووە
لێرەوە هەست بەگەرمێتی ئەو دەکەم
ژنێك لێوانلێو لە ناسکی
چەترێکی هەڵداوە
تا باران تەڕی نەکات
بەرداخێك چاوەڕوانی و
جانتایەك خەیاڵی لە دەستە
ژنێك لەو دیو دەرگاوە

شەرمن شەرمن پێدەکەنێت
ژنێك بە دیار ئەستێرەوە تاقەت پرووکێن بووە
چاوەڕێ دەکات من ناو لەپی بخوێنمەوە
ژنێك مندالّی ئەو لە مندالّی وشەو
گەنجێتیشی لە گەنجێتی شیعر دەچێ
لە پەنجەرەی ژوورەکەوە تەماشادەکەم
ژنێك بە دیقەتەوە لێوی گەلّا ماچ دەکات

بەتاسەوە خوناوی سەر شووشەی پەنجەرەکە دەسڕێتەوە
ژنێك باڵا بەرز وەك رووبار و
سپی وەك بەفر
دوو مەمکی لمینی هەیە
پرچی لە تاڤگە دەچێ و
خێرایی لە -با-
ژنێك وەك چڵە نێرگز وایە
باخچەیەکی پڕکردووە لە بۆن
ژنێك کە دەردەکەوێ مەست دەبم..

وەك تەقەكردنی پیاوكوژێك لە سێبەری خۆی
وەك ئیعدام كردنی هەوا لەسەر زەوی
وەك بەجێهێشتنی خەون لەناو جێگە
سی ساڵە لە پەنجەرەوە تەماشا دەكەم
ئەو چرپە لە گەڵ تەنیاییدا دەكات
شەرم دەكات بە گوڵەكانی دیكە بڵێ بەیانیتان باش
شەرم دەكات لە لە بەر باران خۆی رووتبكاتەوە..

# ناونیشانەکەتم بە نامەیەک بۆ بنێرە

دووکەڵ ناهێڵێت بێمە قاوەخانەکە
دەزانم تۆ لەوێ فەرشی ماچت ڕاخستووە
مێزەکانت پڕکردوون لە گوڵ
بەرداخەکانیش لە شەڕاب
دوایین کۆڵانی ئەو شەقامەی پیاسەمان تێدا دەکرد
لە دەنگی پێی تەنیایی دەچێ
تەنیاییەك وەك تەنیایی خەون لەنێو جێگە
دەمەوێت بێم و باران ناهێڵێت
دەترسم لە چاوەڕوانی مندا تەڕبیت

تەڕ وەك ئاسمانەكانی شیعر
وەك ژەنینی ژیان بە پەنجە تووتەی مەستی
دەمەوێت بێم و
پڕ بەزەرفی نامەیەك مەكر و
هێندەی جەفەنگی عەشقیش خەیاڵت بۆ بێنم
خەیاڵی هەراجكردنی ستیان و
فرۆشتنی شەرم وەك كاڵایەكی دەستی دوو

دەمەوێت بێم و
وەك کۆترێکی باڵشکاو
وەك دارچنارێکی سەرما بوردەڵە
لە پەنجەرەوە تەماشای رووتبوونەوەی تۆ بکەم
دەمەوێت بێم و
رێگەکەم ونکردووە
ناونیشانەکەتم بەنامەیەك بۆ بنێرە
من لە نهۆمی پێنجەمی باڵەخانەیەك تۆم ناسی
ژوورەکەت کتێبخانەیەك و
دوو کورسی لێبوو
یەکەم ماچت کاسی کردم
هەر ئەو ماچە بوو ناونیشانی تۆی لێ ونکردم

دەمەوێت بێم و
دەستی تەنیاییت بگرم
کتێبەکانی ژوورەکەت تەلقین بدەم
ئاخر دووکەڵی قاوەخانەکە ناهێڵێت
ناونیشانەکەشت نادۆزمەوە
ناونیشانەکەتم بە نامەیەك بۆ بنێرە

# بە نیشتمان دەڵێم لێتخۆشبێت

ڕووتترین ژنی شار
کچە شۆخەکەی گەڕەك
وەرەوە نیشتمان
با ژانی تەنیایی نەتکوژێ
ئێستا هەڕەتی خواردنەوەی شیعرە
لە بەرداخی رازدا
درەنگە بۆ داباریینە نێو خەیاڵ..

ئێستا منداڵێت لە سەر جادە کەوتووەو
گەنجێتیت لە باخچەیەك ماچ دەکرێت
ئێستە لە قەرەباڵغیدا دەست بۆ کچێنیت دەبردرێت
لێرە بەدواوە پارچەکانی ژیان کۆناکرێنەوە
لەوێ پایز دێت و یەکتر نابینینەوە

جەنگ دەگاتە ناو حەوشەی دیدار
لێرە بەدواوە نیشتمان لە کچەکانی نابورێت
دەستیان ناگرێت بۆ شایی
نایانباتە سەرکانی و
لەبەر هەتاو قژیان شانە ناکات
چیتر دوا مەکەوە..
تکایە هەر ئێستە وەرەوە
ئەوەتا لە پەنجەرەوە سەیرکە
هیچ شتێك بەرگەی غەریبی ناگرێ
درەختەکان دەمرن و
گەڵاکان خۆیان هەڵدەواسن
وەرەوە نیشتمان

چیتر تەنیا مەبە
چیتر لە زەمینی ژەنگ چاوەڕێی ئیقامە مەکە
ئێستە نیشتمان لە گوڵ ئەچێ
چاوەڕێی تریشقەیەکە
رق لە ناخیدا بسووتێنێ
چاوەڕێی بارانێکە
بسمیلی کات لە شەڕ
شەونمیترین گەڵا
من دەمەوێ لە منداڵدانی خەیاڵمدا

ژەمێك شیعرو
پێكێك ژن بخۆمەوە
تا مەستتر بم لە مەستی
سبەینێ بەستەیەك فڵچە بكڕم
ڕەسمی گوڵیك و
پۆرتریێتی باخچەیەك بكێشم
تا ئاشتبنەوە گوڵ و باخچە
دەمەوێ لێوی كانی بگەزم
ماچی ڕووبار بكەم
لە ئامێزی مەركانەیەك بخەوم
تا كفت نەبم لە تەنیایی

حەزم لێیە هەر دەپەنجەی لەرزۆکم
لەخەنە بسووم
تا دەسنویژم نەشکێ
بەگرتنی مەمك لە تاریکایی
دڵم لە بێژوونگ بدەم
هەرچی تۆزوغوباری ژیانە بنیشێت و
ئەوەی دەمێنێتەوە
ژن پەرستن بێ
لە شەقامی دواوەی تەنیایدا
دەستی راز بگرم و
بسکی ماچ شانە بکەم
تا ئامێزت لە جاران گەرمتربێ

نینا ..کچە تورەکەی ناو پۆل
هاروهاجەکەی سەرشەقام
وەرەوە من بە نیشتمان ئەڵێم لێتخۆشبێت
وەرەوە دەرسی یەکەم فێرار ئەکەین
بە هەردووکمان
گەزۆیەك لە دوکانەکەی تەنیشت مەکتەب ئەکڕین
پیاسەیەك ئەکەینە بن سێبەری مەمك و
لەماڵی ماچدا تێر ئەخەوین..

# ناتوانم گوڵدانێک پڕبکەم لە تریفە

خودایە گوناهی من چییە؟
سپێدەم خەیاڵ و
ئێوارەم خەیاڵ و
هەفتەو مانگ و ساڵم هەر خەیاڵ
خەیاڵ بۆ کڕینی ژەمێك ئاسوودەیی و
خەیاڵ بۆ چوونە ئاهەنگی مارەبڕینی
دار سنۆبەرەکانی ژیان
خودایە گوناهی من چییە؟
نەتوانم لە سێبەری ئاسمانی تۆدا

دەستی پەلە هەورێك بگرم و
ماچێك لە هەتاو بکەم
خودایە گوناهی من چییە؟
نەتوانم پەیکەرێك لە بەختەوەری ببەمە ماڵەکەم
نەتوانم لە باخچەکەمدا گوڵدانێك پڕ بکەم لە تریفە

نەتوانم دەستی راستی حەقیقەت بدۆزمەوەو
لە دەفری لمینی رووباردا
قومێك تەنیایی بخۆمەوە
گوناهی من چییە لێوانلێوم لە ژان
پڕاوپڕم لە تاسان
گوناهی من چییە؟

نەتوانم غەریب غەریب
لە ناو کۆشکە درۆینەکانی بووندا
تەوقە لەگەڵ تەنیایی بکەم و
لە ناو منداڵدانی نیشتماندا
پرومەتی سووری شیعر ماچ بکەم
نەتوانم لەسەر شووشەی پەنجەرەی ماڵی یار بنوسم
سەعات هەشت پیاسەیەك دەکەین
نەتوانم بە بکوژەکانی خۆم بڵێم ئێوارەتان باش..

# تەنیایی

تۆ ئەو هەموو سەدەیە شەڕت کرد
هێشتا هەر ژەنەڕاڵی
لە باخچەی ماڵی خەیاڵدا
دەستەو یەخە سۆزت کوشت
لە سەر سنگی یاردا
دوو مەمکی نەرمت بە دیل گرت
لەیەکەم شەڕی مان و نەماندا
دەستت نایە گەرووی تاریکی

لەگرتنی قەڵای لێوی ژندا
سەردەستە بوویت
لە جەنگی جیهانی ئەڤیندا
لە پێشی پێشەوە بوویت!
پێش هەموو ژەنەڕاڵەکانی دونیا
بوویتە ژەنەڕاڵ..
من تێناگەم
حیکمەتی مانەوەی تۆ لە چی دایە

لە قۆڵبەستکردنی ئیرادە و
بۆردوومانکردنی هێز و
شەکەتکردنی خۆڕاگری منی پیاو
یان لە خنکاندنی سەربازێکی دیلی وەك و عەقڵ١
ئەی ژەنەڕاڵی میلیشیاکانی کوشتنی خەون
تۆ لە کۆڵانەکانی میزاج و مەجازدا
لە شەقامەکانی لەسێدارەدانی رازدا
لەگەڵ فیعلی شازو ناشازدا
هەر ژەنەڕاڵیت و هەر ژەنەڕاڵ
سڵاو لە تۆ خاوەن پایە

ئەی ژەنەڕاڵ «تەنیایی»
تکایە لێم گەڕێ
لەگەڵ بارانی شووشتنەوەی ژان
لەگەڵ تریفەی یەکەم وچان
بەشێنەیی و نەرم نەرم
تەنیا وەرزێك لە فەرمانەکانی تۆ ڕاکەم

## بەدیار دڵتەنگیمەوە دەمرم

کە تۆ لێرەنیت لە چاوی فنجانی فاڵچییەك
ژیان دەبێتە پنتێك قاوە
گەرووی ژانی من دەخواتەوە
ژان دەبێتە گڵۆزەیەك ئازار
دڵی من و تەنیایی تۆ دەشواتەوە
کە تۆ لێرەنیت
هێندەی مردنی دارچنارێك بەدیار وشکەساڵییەوە
هێندەی ئیعدامکردنی هەناسەی پەپوولەیەك
هێندەی خەڵوەتی شیعرێك

هێندەی کوشتنی خەون لەنێو جێگە
بیرتدەکەم
تۆ نەبیت ڕەنگە بەدیار ئاوێنەوە
لە کاتی خواردنەوەی قاوە
یان لە یانەیەکی شەوانەدا

لەئامێزی ژنێکی گەنمڕەنگ
یان لە شەقامێکی پڕ لەژاوەژاودا بمرم
کە تۆ لێرەنیت
گومان پڕم دەکات لە وەسوەسە
یەقین دەمکاتە کۆیلەی ژنێکی لمین
کەس نازانێت پەراسووی راستی لە کوێیە
تۆ نەبیت هەتاو شووشەی پەنجەرە بێزار دەکات
زەوی هێندەی کۆترێکی لاواز بیری ئاسمان دەکات
تۆ نەبیت رەنگە من بەدیار دڵتەنگیمەوە بمرم
کە تۆ لێرەنیت
کوشتنی یەکەم گەڵام بیردێتەوە بەهەورەتریشقە
بۆنی دوکەڵەکەی کاسی کردم
مردنی یەکەم جۆگەم بیردێتەوە بەهۆی لافاو
رووبار غەریب بۆی دەگریا

# لە تۆ دەچێ پەردەی یەکەمی شانۆی ژیان

لەناو بەرداخێك لێوی مژراو
پەڕی شیعرێکی تەڕ هەڵدەدەمەوە
بەڵکو سێوی ماچ پڕژان ببینم
لەناو فنجانێك نیگای پژاو
دەست لە سمتی ساردی بەفر دەدەم
بەڵکو ژیان دەڕژێتە نێو فنجانی قاوەیەکی سووتاو
هەموو شتێك وەك خۆیەتی
باخچەکان هێشتا هەر زینا دەکەن
لە پایزدا مەمکیان داناپۆشن

چەترەکان دەبنە بێوەژن
هیچ نەگۆڕاوە
پێش لەدایکبوونی من و
دوای مردنی ڕەشەباش
باران هەر موسافیری وەرزەکان دەبێت
چەند لە خەیاڵ دەچن سێبەری ئەو ئینجانانە
چەند لە تۆ دەچێ پەردەی یەکەمی شانۆی ژیان
خەراباتی ئەم ئیمپراتۆریەتی ژانە
لە وشککرنەوەی مەمك دەچێ لەسەر سنگی پیاو
لە ژەنینی نیگا دەچێ لەبەر هەتاو

# پیاوێک سپی لە ڕەنگی بەفر

بە دیار مردنی خۆتەوە دانیشتووی
بە دە پەنجەی لەرزۆکت
سەنتورێك لە قاچی شکاوی عودێك موتربە دەکەی
هێشتا تێرنەبووی لە دڵداری
لە ئامێزی تەنیاییدا
خەریکی ژەنینی هیوای..
لە هەرکوێ بیت بیری شارت کردووە
تۆ ڕانەهاتووی لە تەنیایی
حەز دەکەی یەکێ دەستت بگرێ
تا لە تەیراوە پاچە بخۆیت و

دواتر پیاسەیەکی مەچکۆ و
سەردانێکی قەڵاو
ئاورێك لە شێخی چۆڵی بدەیتەوە ..
تۆ لێرە نەبیت
کەس نییە لە ژێر سێبەری دارمێوەکەت دانیشێ

چاویلکەکانت
گۆچان و عودەکەت
جلی جەژن و سەرینەکەت
چاوەڕێتن..

بەرلەوەی بڕژێیتە سەر زەوی
تۆ شارێك بووی لە نەوا
گیانت لیوانلێو لەخۆری نەپشکوتوو
لەخواوەندی نەبینراو
سبەینێیەك لەخۆرنشینێکی غەریبدا
مردن بە تەنیشتتتەوە تێپەڕی
ڕۆیشتیت و نەگەڕایتەوە
پیری چ نەستێکی خەمهێنەرە
چ پەرتووکێکی بەتاڵە ژیان
تۆ چیتر خەون بە ماڵێك نابینی
پڕبێ لە دەنگی کەناری

# پایز جەللادێكی رۆح سووكە

پایز هێندە خێرا دێت
پێڕاناگەم گەڵای دارێك ماچ بكەم و
لە بن سێبەری چنارێك جگەرەیەك بكێشم
پایز هێندە حەزینە
خوێن لە برینەكانی هەور دەچۆڕێنێ و
ئاسمان پڕ دەكات لە تریشقە
پایز لە منداڵییەوە دەستی با دەگرێ و
گوڵدانی سەر پەنجەرەی ژیان بەردەداتەوە
پایز كراسی چڵكنی زەوی دەشوات و
لێوی تەڕی رووبار ماچ دەكات

پایز لەوەتەی هەیە ڕەنگی زەردە
بە بیرم نایە قەت سەوز بووبێ
پایز لەوەتەی هەیە تووڕەیە
بە بیرم نایە گەڵای نەکوشتبێ

پایز بکوژێکی راستەقینە و
جەلادێکی رۆح سووکە
پایز وەرزی ژەنگهێنانی ژیانە
رووتبوونەوەیە لەبەر هەتاو
پایز خەم لە سیماو
ژان لە هەناویدا دەچۆڕێ
پایز هەندێ جار لە حەوشەی ماڵەکەمدا
دەستی ناگاتە گەڵا
قوڕ دەبارێنێتە سەر شووشەی پەنجەرەکان
پایز جەلادێکی رۆح سووکە
هەناسەی ژیان تەنگ دەکات
تا ئاسانتر خۆمان بکوژین
پایز تووڕەترە لە تووڕەیی
تەنیاترە لە تەنیایی

# دەفتەری بیرەوەرییەکانی هابیل

لە ژووری نووستنی کاتدا
مانگ دەستی ناوەتە بن چەناگەیەوە
دەفتەری بیرەوەرییەکانی هابیل دەخوێنێتەوە
ئادەم کیلۆیەك سێوی بۆ حەوا هێناوەو
حەوا قاتێکی تورکی بۆ ئادەم کڕیووە
ئەو گەڕەکەی ماڵی خەیاڵی لێیە
ئەفلاتوونیش لەوێ کرێچی وشەیەو
سەدەیەکە لە خانووی لمیندا
کتیبێکی کردووەتە دەسکەلاو
ژنەکەشی ستیانی ئەستێرەکان پینە دەکات

باخچەی ماڵی ئەرستۆ پڕە لە قوماشی ژنانەو
دەفتەری بیرەوەری بیتهۆڤنیش
پڕە لە نۆتەی سەرخۆش سەرخۆش
ژۆلیۆ سیزەر لەسەر ڕێی مەکتەب
قاپێ پاقڵەی لە دەستەو
مارکس گەرمایەتی و لە پێش موبەریدەیەك
خوێ بە ژیاندا دەکات..

سارتەر چەپکێك فکری سپی هەڵگرتووەو
هیتلەریش فنجانێك ژەهری رەش
کیلۆپاترا دەرپێیەکی سووری
لەلایەن قەیسەرەوە بۆ هاتووە
گالیلۆ هێلکەیەکی دوو زەردێنەی
لە لۆتۆی نیشتمانی بردووەتەوە
شکسپیر نێرگەلە دەکێشێ و
ناپلیۆنیش پەیکەری خواکان دەشکێنێ
سەلاحەدین و ئیبن نەفیسیش
لە کۆڵانەکەی خۆیان موزاهەرە دەکەن
کریستۆڤەر شەڕابی ترێی
لە ئینگلتەراوە بۆدێ
عەرەفاتیش سەموونی گەرم لە ئۆرشەلیم دەکڕێ
کوڕەکانی ئەدیسۆن لە پێش فانۆس
دەرسی بیرکاری دەخوێنن
نەوەکانی عەلیش بە زنجیر سەری خۆیان دەشکێنن
مارکۆنی بۆڕیە نەوتێکی تەجاوزی بردووەتە ماڵەکەی و

دایاناش بە موخالیف لە ترافیك دەدات
جۆرج واشنتۆن مەزرەعەیەكی لە پشت سەیتەرە كڕیووەو
ئەتاتورك جزدانی ژنەكانی شێخەڵڵا دەدزێ
مەسعەب لە دوكانەكەی خۆیدا
تی ئێن تی و  بارووت و فیشەك دەفرۆشێ
بنلادنیش بە قاچاخ تەرۆزی دەباتە ئەمریكا
غاندی ریباتێكی سووری بەستووەو
كەنەدیش بە رووتی دەگەڕێ

خرۆشۆڤ میز بەسەرمایەداریدا دەکات و
ماندێلاش بووەتە سۆسیال دیموکرات
پووشکین ئەنفلەوەنزای باڵندەی گرتووەو
ئەبولەهەبیش حەساسییەی گەروو
داروین کۆتر بەخێو دەکات و
هاڕوون رەشیدیش مەیموون
نالی قەسیدەیەك بۆ پاشای قاجارەکان ئەنووسێ و
حافزیش شیعرێکی خەیام دەدزێ
هیلاری عیلاقەی لەگەڵ خومەینی هەیەو
عومەر موختاریش کچەکەی شا عەباس دەخوازێ
فەرەنسا مافی مرۆڤ پێشێل دەکات و
لە لیبیاش دەوڵەتی قانوون دادەمەزرێ..

## ساتەکانی مردن

چەند خولەکێکی دی
ژیان دەوەستێت
کچ و
ماچ و
نیشتمان
دەبن بە -با-
لە باکوورەوە تا باشوور
روودەکەنە ژیان دۆستی
خوا تورە دەبێ و

ئایەتێك بۆ عەشق و
ئایەتێك بۆ مانەوەو
ئایەتێکیش بۆ حەڵاڵکردنی
هەموو حەرامەکان دەنێرێتەوە

چەند خولەکێکی دی
کاسەی سەری منی پیاو
دەبێتە هێلانەی عەشقبازی ژن
چەند خولەکێکی دی
ئێرە دەبێتە چۆڵستان و
گڕ لە nامووسی ژیان بەردەبێت
ئێرە دەبێتە زەویەکی وشك
جگە لە خواو ئاسمان
جگە لە مەرگ و تاسان
جگە لە بۆنی سێو
جگە لە کاربۆن و
جگە لە پاکەتێك جگەرەی سووتاو
ئەستێرەناسەکان هیچ جوڵەیەکی دی نابینن

چەند خولەکێکی دی
لە دوولەتبوونی نێوانمان
هەزاران باریکەڕێ
دەمانبەنە ئامێزی درۆ
چەند خولەکێکی دی
میلی کاتژمێرەکان دەوەستن
ساڵنامەکان هەپروون دەبن
ژن دەبێتە خۆڵ
پیاو دەبێتە لم
چەند خولەکێکی دی
لێکجیادەبینەوە
دڵمان دەبێتە شووشەی شکاو
چاومان دەبێتە ئەستێرە
جەستەشمان دەبێتە پارچەیەك زەوینی ترازاو

# بیری تۆ دەکەم

بیری ئێوارە دەکەم
ئێوارەیەك وەك ئێوارەی دوێنێ
منداڵیمان لەنێو خەیاڵدا گاگۆڵە بکات
لەنێو جەنجاڵی ژیاندا
فاڵچییێ بەختمان بگرێتەوە
بیری پیاسە دەکەم
پیاسەیەك وەك پیاسەی بەرباران
تەڕمن بکات لە قسەو

لێومن پڕبکات لە خوناو
بیری باخچە دەکەم
باخچەیەك پڕبێت لە کچێنی تۆ
دارەکانی پڕبن لە زینا
بیری شاردەکەم
شارێك ئاوس بە پێکەنین
شەقامەکانی پڕبن لە ناز
گەڕەکەکانی ناوی
ماچ و ژن و خەیاڵ بن
بیری ئاو دەکەم
ئاوێك رووتمان بکاتەوە لە درۆ
بسمیلمان بکات لە گوناه
بیری تۆ دەکەم
تۆیەك پڕم بکەیت لە خەون
بمبەیتەوە ئامێزی ژیان

## سبەینێیەک من لێرە نیم

بەیانییەك لە خەو هەڵدەستی
نیشتمان گلۆزەیەك باو بۆرانە
پەردەی کچێنی بەفر سووربووە
ئاو لەتیەی مەمکی گوڵێکەوە
شەپۆل دەدات و
من و ژیان لێرەنین
سبەینێیەك ئیرۆسیەتی خەو
بەتاڵ دەبێتەوە
ئێرە پڕدەبێ لە نەفرەت

بەدیار بەردێکەوە کە لە دڵ دەچێ
خەیاڵ هەپروون دەبێ و
من و ماچ لێرەنین
بەیانییەك شادەماری بوون
وشك دەبێ
ئێرە دەبێتە سارا
من لێرە نیم و

تۆ و خرخاڵی پێی زەوی
تۆ و مەرکانەی گوڵێکی پایزی
تۆ و ئازارێکی لە مێژینە
دەست لە گەرووی ماڵئاوایی دەنێن
سبەینێیەك پەشیمان دەبیتەوە
دێیتە دیدەنی کۆست
رقت لە خەرابات دەبێ و
تێردەبی لە تەنیایی
من هەر لێرە نیم و
بەپێی پەتی و تەنیا وتەنیا
لێوی باران ماچ دەکەیت و
لە ئامێزی ژاندا ژوان دەگری..

# ژنێک مودمن بە شیعر

تێکەڵ دەبم لەگەڵ ڕەنگەکانی شیعر
پڕدەبم لە خەون و
بەسەر جەستەی ساردی تۆدا دابەشدەبم
دەبم بە ریژنە بارانی حەز و
لە کەنارەکانی بێهودەییدا سپی دەبم
وەك سپییەتی کلو بەفرەکانی ماچ
دەڕژێمە نێو سەبەتەی گومان و
لەکەنار ماڵی قەرەجێکدا گرمۆڵە دەبم

وەك گەڵای درەختەكان لە پایز
لەپەنجەرەوە دەخزێمە نێو كراسی سووری ژنێك
لە ئاقاری خەونەكانی تۆدا هەناسە دەدەم
حیكایەتی پیاوێكی سەخڵەت بە تەنیایی
شارێكی ئاوس بە خەم
پێناسی كچێكی شۆخی ناولەپ پڕخەنە
لە گیفانی پیەپینەی من و
تفەنگێكی چڵێسی سەردەمی شەڕیش
لەشانی پیاوەكانی شار

لەو مەملەکەتی ئەوینەدا
مەراقمە کڵاوی شەنەکراوی شیعرێك بم
نێو لەپی هەموو ژنەکانی ئێرە بخوێنمەوە
بەڵکو عەشقی ونی پەپوولەیەك
لەنێو لەپی ژنێکی مودمن بە شیعر دەدۆزمەوە
دەمێکە لە منداڵدانی عەشقی ئێمەدا
هیچ شەستەبارانێ هەڵناکات
پرژەی ماچ و
چپەی لێو و
هەناسەی ژانی لەگەڵدا نەبێت
لەو دیو دیواری بێئومێدیدا
ژنێك بە دوو چاوی راسپۆتینییەوە
کەزی شیعری من شانە دەکات

سەدەیەك بوو
لەنێو كۆشكە شووشەییەكانی وجود
بەستەیەك فلچەی تەنیا
وێنەی تۆیان دەكێشا
بە قەیسەری نێو مەرەكەبی قەڵەمەكانیان دەگوت
ئێرە شەقامەكانی لە بۆنی سێو دەچن
من لە ئەزەلەوە كۆشێك حەرفی ترازاو بووم
لە نێو مەمكی تۆدا
بوون بە خرۆكەی سووری ماچ
بوون بە تاڵە مووی ژیان
بوون بە عەشق
بوون بە گەڵای زەردی پایزانەو
رژانە ئامێزی ژنێك

# سەفەربەسەرسنگی تارمایی

ئەمشەو لە کۆڵانە تەسکەکانی خەون
شەستەبارانی ژانێکی دیکە تەڕم دەکات
نقووم دەبم لە گوشینی خەیاڵ و
دەچەمێمەوە بۆ دیداری لێو
غەریبی گەمەی منداڵی و
ڕاکشانی دامێنی مەمك دەکەم
لێوانلێوم لە تەنیایی
لە حەوشەی ماڵی ئاودا
بەرداخێك گوڵ دەچنم و

لەکەنار بێدەنگیدا
سەبەتەیەك قسە دەکرم
ئەمشەو تۆ لێرەنیت
من تەنیاتر لەتەنیایی
ناوکی شیعر دەبرم و

دەست لەملی غەریبی دەکەم
ئەمشەو خەیاڵم پڕبووە لە راز
تۆ کەنیزەکی یەکەمی کۆشکی لمینی ژیانیت
بەهەردوو دەستت
قژی خاوی باخچە شانە دەکەی
تۆ لە ئەفسانە دەچی
بەدیار پاڵەوانێکی مردووەوە دانیشتووی
سەفەر بەسەر سنگی تارماییدا دەکەی
تۆ لە تابلۆ دەچی
غەریب غەریب لەسەر شانی دیوار
کچێنی خۆت حونجە دەکەی

# ئێوارەیەک تووڕەیی دەڕوات

من بەشێکم  لە تووڕەبوونی زەوی
لەیەکەم هەڵکردنیدا
با لەگەڵ خۆی بردمی و نەیهێنامەوە
ئێستا من لیرەنیم
لەوێ لە تەنیشت ئاگردانێکەوە دانیشتووم
سێوی سوور دەبرژێنم
بین بە لێوی رووبارەوە دەنێم
قومێك سادەیی لەگەڵ تەنیایی دەخۆمەوە

من ئێستا لێرە نیم
لەویَ لەقەراخ رووتی ئاسماندا
خەیاڵی گەڕانەوە دەکەم
گەڕانەوە بۆ ژێر سێبەری ئاو
بۆ نیشتمانی بەفرو
بۆ سەر پشتی هەتاو

من ئێستا لێرەنیم
ئێستا تاقەتی تەڕبوونم نییە لەپێش باران
دەمم پڕە لە دوعا
نێو لەپم پڕە لە غەریبی
خەیاڵی گەڕانەوە دەکەم
گەڕانەوە بۆ کۆڵانەکانی قسە
گەڕانەوە بۆ پیاسەی ئێوارانی ئەوێ

من ئێستا لێرە نیم
ئەوەتام لە ئامێزی مەنفادا
ئەوە منم بانگت دەکەم
ئەوە منم دێمە دیدەنیت
ئەوە منم پرچی مانگ دەکەمە کەزی
تۆ هێشتا ئاوڕێکت نەداوەتەوە
هێشتا تەنیایی گەسك دەدەی
هێشتا لە پەنجەرەوە
ئەستێرە دەژمێری

من ئێستا لێرە نیم
رۆحم بەسەر دەریادا رادەکات و
پڕم لەوەسوەسەی گەڕانەوە
ئێرەم لێ بووەتە ژان
رقم لە وشککردنەوەی عەشقە لەبەر هەتاو
حەزم لە چنینی گوڵە لە پێش ماڵی یار

من ئێستا لێرەنیم
تۆو رووتبوونەوەی گەڕەکەکان
تۆو باوەشێك دوودڵی
لێرە چاوەڕێ بن
ئێوارەیەك تورەیی دەڕوات
من و تەنیایی دێینەوە..

# لە باخچەدا بیر لەتۆ دەکەمەوە

تۆ دەزانی باخچەکانی سەر زەوین
تەنیا گۆڕستانێك نین بۆ پەپوولە
من و تۆ یەکەم ماچمان لە باخچە جێهێشت
یەکەم نیگامان لە باخچە ناشت
یەکەم ژوانمان لە باخچە بوو

چەندین سەدەیە دڵتەنگیمان پێشکەشی باخچە دەکەین
ئێمە لە باخچەدا بیر لەیەکتر دەکەینەوە
لە باخچەدا رادەکەین
گوڵی باخچە دەکەینە دیاری ئەڤینیمان
گەرما لە باخچەدا ئیعدام دەکەین
سەرما لە باخچەدا مەست دەبێ

تۆ دەزانی مۆسیقاش حەزی لە باخچەیە
ژنەکانیش لە باخچەدا رووتتر دیارن
من دەمرم چونکە حەزم لە باخچە نییە
بە دڵنیاییەوە تۆ باوەشت
بە دارهەناری باخچەدا کردووە
دەزانی چەند زوو دەوروژێن
تۆ دەستت لە مەمکی گوڵەکانی باخچە داوە
دەزانی چەند رەقن
بە دڵنیاییەوە لەباخچەدا هەناسەت داوە
دەزانی لەوێ ئۆکسجین چەند بە ویقارە

من دەمرم چونکە باخچە دەبینم ژان دەمگرێ
ژانی یەکەم نیگا،
یەکەم ژوان، یەکەم ماچ و یەکەم دیدار
لە دەربەندی کۆترو
لە گمەی باڵندەی شیعر
لە کەنار خوڕەی ئاوی ماچ
خەونەکانم حونجە دەکەم

من لە باخچەدا تەنیا بە شوێن ونبووەکاندا دەگەڕێم
لەسەر پنجەگیای ژان
رقم لە گوشینی مەمکی چەپی هەنارو
ماچی لێوی دەریایە
رقم لە درۆی رامان و
لە ئامێزی دراماتیکی ژنێکی تەنیایە
تۆ دەزانی جیاوازی نێوان من و باخچە چییە

من کە پیردەبم هەناسەم تەنگ دەبێ
بەڵام باخچە بە پیری باشتر هەناسە دەدات
تۆ دەزانی من تەنیا لەگەڵ خەیاڵ پیاسە دەکەم
من هێشتا کە دێمە ماڵەکەت
زیاد لەجارێك لە دەرگا دەدەم
فێرنەبوومە چاوەڕێی یاربم
من ناتوانم باخچەم خۆشبوێ
چونکە ئەو ناتوانێ تەنیا هی من بێت.